کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:10 23-8-2007

**پیاوێک بە دونیایەک خەونە وە لە چاوەڕوانی ئاوابووندا ... هەردی مەحمود**

ڕەنگە زۆربەی هەرەزۆرمان لەو بۆچوونەدا یەك بگرینەوە کە نێچیرڤان بارزانی ئەو سەرکردە گەنجە هەڵسوڕاوە ئەکتیفەیە کە بۆ ساتێك دانیشتن و پشودان نازانێت و هەمیشە بە دونیایەك خەونی ڕەنگاوڕەنگەوە تەماشای ئاینده دەکات، ئایندەیەك پڕ لە ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی و یاساو ڕێساو ئەتەکێت و کرانەوەی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و میدیایی وزانستی و مەعریفی و.. هتد.

ئەو کەسێکە بەناچاری حەزی لە ئاوڕدانەوەبۆ ڕابردوو هەیە و هەمیشە حەز دەکات تەماشای داهاتو بکات، ئەگەر لێیشی بپرسی هۆی ئەوە چیە، بە ماتیەکەوە پێت دەڵێت، ڕابردوومان لە کارەسات و تراژیدیاو ماڵوێرانی و بێ ژیانی زیاتر چی دیکەی تێدایە تا ئاوری بۆ بدەمەوە؟ من حەز ناکەم نە خۆم نە نەتەوەکەم هەرگیز ئاوڕ لە ڕابردوو بدەینەوە، تەنانەت بۆ وانەفێربوون و دەرس وەرگرتنیش، چونکە دەرس و وانە لە و ڕابردوە وەرناگیرێت ئەگەر ئێمە نەتوانین تەجاوزی بکەین و تێیپەڕێنین و بیکەین بە ڕووداوی ناوکتێبەکان و خۆمان لە دۆخی ژیانی ناو ڕابردوو و ناو تراژیدیاکان نەجات بدەین.

ڕابردوو کاتێك پەندو وانەی لێوە فێر دەبیت کە تەجاوزت کردبێت و گەیشتبیتە جۆرە ژیانێکی دیکەو بارودۆخێکی دیکەو قۆناغێکی دیکە، تۆ کە هێشتا مەحکوم بیت بە ژیان و خەیاڵ و بیرکردنەوە لە ناو ڕابردوودا ئیتر ناتوانیت ئەوەناو بنێیت ڕابردوو چونکە ئەوە بەردەوامیە و هێشتا نەبۆتە ڕابردوو هیچ وانەیەکیش لە دۆخێك کە هێشتا بەردەوامی هەبێت وەرناگیرێت بۆ ئەوەی بتوانین ئەو بارو دۆخە بکەین بەبەشێك لە ڕابردوو ئەبێت ئیرادەو وزەیەکی بەهێز و کەمێك ڕادیکاڵانەش لە خۆماندا درووست بکەین تا بە هێزو گوژمێکی بەهێزەوە بەرەو داهاتوو مل بنێین و خۆمان لە ڕابردوو داببڕین و تا ماوەیەکی زۆریش ئاوڕی بۆ نەدەینەوە تا ئیرادەی لێ دەربازبونیمان لاواز نەبێت.

ئەمانە جۆرێکن لە و تێڕوانینانەی نێچیرڤان بارزانی کە تێیدا دەیخوێنینەوە و دەیبینین و ئەیەوێت ئایندەی لەسەرەوە بینا بکات، ئایندەیەك حەوت فرسەخ لە ئێستاوە دوور بێت و هەرگیز لە ئێستا نەچێت.

ئەو پیاوێکە ئەوەندەی ئێمە لێی تێگەیشتبین هەرگیز لە هیچ شتێکی ئێستا ڕازی نەبوەو نیە، هەموو شتەکانی ئێستا بارو زروفەکانی ئێستا، وەزع و مەعیشەتی ئێستای خەڵك، ئاستی شارو ئاوەدانی و خزمەتگوزاری و پرۆژەی خزمەتگوزاری، بارو دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و بازرگانی و ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی و فەرهەنگی و مافی مرۆڤ و تەواوی کایەکانی تری کۆمەڵگا، هەموو ئەوانە بە کاتی و ڕاگوزەر و ئینتیقالی دەزانێت، ئەو لە خەیاڵی ئایندەیی خۆیدا شتی زۆر لەوانە زیاتری هەڵگرتوە بەڵام ئەوەی ڕێی لێدەگرێت بۆ وەدی هێنانیان کات و ئیمکانیات و بەربەستەحیزبی و ئیداری و کۆمەڵایەتی و ئابوری و هەرێمیەکان و فەقیریە لە کەفائەت و پسپۆڕی و شارەزایی و دڵسۆزی لە ئۆرگانەکانی حکومەت دا کە بە دەستیەوە دەناڵێنێ و خەمێکی قووڵی لێدەخوات خەمێك بەقەد خەمی هەمووومان قوڵ.

ئەو دەبوو کوڕی کۆمەڵگایەکی تربێت، کوڕی کەلتورێکی تربێت، کوڕی ناو سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و بازرگانی تر بێت زۆر جیاوازترلەوەی ئێرە، زۆر پێشکەوتو تر لێرە، بەڵام قەدەر هێناویێتی وکردویەتی بەکوڕی ئەم کۆمەڵگایە، سەیریش لەوەدایە ئەو هەرگیز گلەیی لەو قەدەرەی خۆی نیەو شانازیشی پێوە دەکات، ڕەنگە قەدەر بۆیە بەخشیبێتی بەم کۆمەڵگایە تا سوودێك و خزمەتێك بەم کۆمەڵگایە بگەیەنێت بەڵام ئێمە، ئێمەی حیزب، ئێمەی سیاسی، ئێمەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، ئێمەی تا ئاستی داماوی موفلیس و بەتاڵ لە تواناو شارەزایی و کەفائەت و دڵسۆزی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئیداری، ئێمەی بێ ڕابردوو بێ ئێستای دەوڵەت و دامەزراوەو عەقل و مەعریفەی دەوڵەتی و دامەزراوەیی نەمان هێشتوە و ناشهێڵین ئەو سوود و خزمەتە بگەیەنێت.

ئێمە (ئێمەی سیاسی و حیزبی) ئەو کائینە نین لە تەماشاکردنی گەنجێکی پڕ لە وزەو جوڵەو خەیاڵ و هیواو ئاواتی زۆر و گەورەی وەك ئەودا غیرەو بەخیلی و ڕق و بوغز نەمان کوژێت، ترس داگیرمان نەکات لەوەی وێنەی ئەم سەرکردە گەنجە کون و کەلەبەری دڵ و دەروون و ڕۆحی کۆمەڵگا داگیر بکات.

بێگومان ئەو کەسێکە بەربەستەکان ناهێڵن سیاسەتەکانی بە ئەوروپاکردنی ئەم وڵاتە پیادەبکات، ئەو هەمیشە ساتێك خەیاڵی لێرەیە و ساتێك لە ئەوروپا، ساتێك ئومێدێکی بێئەنداز تێیدا چرۆ دەکات بۆ گەیشتنە ئاستی وڵاتە پێشکەوتوەکان و ساتێکیش یەئس و بێئومێدیەکی بێئەنداز تا ناخی ناخەوە ڕەشبینی دەکات لە بە ئاکام گەیشتنی ئەو خەونەی.

بۆ هەر هەنگاوێکی هەزاران لوغم لە ژێرپێی دادەنرێت، هەزاران تیر دەخرێتە کەوان و ئاڕاستەی سەردڵی دەکرێت، هەزاران سنور و تابۆ و بەربەست لەبەردەمیدا قوت دەکرێنەوە.

دەبێت هەمومان ئەو ڕاستیە بزانین ئەو سەرۆك حکومەتێك بوو لەناو قەفەزی هەزاران ڕێکەوتن و شەرت و مەرج و دڵڕاگرتن و سنوری دەسەڵات و بۆت هەیە و بۆت نیەو ئەتوانی و ناتوانی دا بەند و کەلەپچە کرابوو، دەنا ئەو وزەو توانای کارکردن و حکومەتڕانی هەزاران جار لەوە زیاتربوو کە مومارەسەی کرد و بەڕێی کرد.

ئێمە پێویستە ئەوە بزانین نەمان و لابردنی ئەو لە حکومەت دا زیانەکەی بۆ خودی خۆی تەنها ئەوەندەیە کە لەو پۆستە دا نامێنێت کەئەوەش بە نیسبەت ئەوەوە زیانێکی زۆر یان شکستێکی گەورە نیە بەو ڕادەیەی شکستە بۆ پرۆسەی پێشخستن و گەشەپێکردنی ئەم وڵاتە، چونکە ئەو وابۆ دووساڵ دەچێت لەو پۆستەدایە بێگومان ئەو ماوەیەش بۆ کەسێك ئەگەر خەمی خزمەتکردنی خەڵك و ئەنجامدانی کارو پرۆژەی زۆر و گەورەو ستراتیژی نەبێت و تەنها وەك بەشێك لە تێرکردنی غەریزەی حەز لە گەورەیی و عەزەمەت و دەسەڵاتداری کردن بیری لێ کردبێتەوە ماوەیەکی باشە، بەڵام ئەوتەمەنناکانی بێ سنوور بوون، ئەوەی گرنگ نەبوو بەلایەوە تێرکردنی غەریزە گەورەیی خوازو دەسەڵاتخوازەکانی بوو.

ئەو دەیویست ئەم هەرێمە بە ئاقارێکدا بەرێت کەمێك بحەسێتەوە و هیلاکی و ماندوویی و ڕەزالەت و دەردی سەری و کارەسات و قوربانیەکانی برەوێتەوەو لەبیر بچێتەوە و ژیانێکی نوێ و جیاواز لەوەی بەدرێژایی مێژوو لەسەری ژیاوەو ڕاهاتوەو خوی پێوە گرتوە بژی.

زیانی لابردنی ئەم سەرۆك حکومەتە گەنجە ئەکتیف و هەڵسوڕاوە پێشکەوتن خوازە ئاییندە خوازە بۆ ئێمەی دەستەو ئەژنۆ دانیشتوو بە دیار چاوەڕوانیە لە بن نەهاتوەکانی دەستی حکومەت و خەم و دوعاو نزاکانمان بۆ باشتر بوونی ژیان و گوزەرانمان زۆر گەورەیە، زیانێکە قەرەبووناکرێتەوە.

من ڕێزی زۆر زۆرم هەیە بۆ ئەوەی دێتە جێی ئەم، بەڵام با دڵنیابێت ئەو بۆشاییەی ئەم بەجێی دەهێڵێت بە و پڕناکرێتەوە، بۆشاییەك ڕەنکە تا نیو سەدەی تریش چاوەڕوان بین تا کەسێکی تر و بەهەمان مواسەفات و تواناو ئیرادەو وزەو دڵسۆزیەوە دێت و پڕی دەکاتەوە.

ئەگەر کەسێك پێی وایە بەرهەم ساڵح دەتوانێت شوێنی بگرێتەوە با جارێ ئەو پرسیارە گرنگە لە خۆی بکات کە ئەی کێ لە بەغدا جێی بەرهەم ساڵح دەگرێتەوە؟

ئێمە پێمان وایە نەکەس دەتوانێت شوێنی نێچیرڤان بارزانی لە ناو حکومەتی هەرێمدا بگرێتەوە و ئەو تواناو کاریگەریەی هەبێت، نەکەسیش دەتوانێت شوێنی بەرهەم ساڵح لە بەغداد بگرێتەوە و ئەو تواناو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

قابیلیەت و شارەزاییەی هەبێت، ئیتر چ حیکمەتێکی سیاسی لەوەدا هەیە ئەم دوو کەسە هەردوکیان لابرێن و کەسیش نەتوانێت شوێنیان بگرێتەوە.
ئەوەندەی لە ئاسۆکانی ئایندەیەکی نزیکەوە دەخوێندرێتەوە عینادی و تەحەدای حیزبی زاڵترە لە مەنتقی سیاسی و دڵسۆزی و خەمخوری بۆ ئێستاو ئایندەی حکومەت و خەڵك و باشتر کردنی باروزروفی خەڵك، بۆیە بەپێی ئەم هاوکێشەیە تەمەنی سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی پێدەچێت بەرەو ئاوابوون بچێت، ئاوابونێك کە زۆر لە خەون و هیواو ئومێدەکانی ئێمەش لەگەڵ خۆیدا بەرەو ئاوابوون دەبات.
لە کۆتاییدا دەڵێم سڵاو ئەی ئەو پیاوەی پڕبویت لە خەیاڵ و ئومێد و هیوا بۆ خزمەتکردن و باشترکردن و گۆڕینی بارودۆخی نالەباری خەڵکی ئەم وڵاتەو نەت توانی بە ئاکامێکی دڵخواز بگەیت..
ئەسەف بۆ ئەو گۆشە تاریك و تەسك و تەنگەبەرانەی حیزب لێیەوە تەماشای ژیان و کۆمەڵگاو کایەی سیاسی و ئیداری پێدەکات. ئەسەف بۆ ئەو پێوەرانەی ئێستاو ئایندەو بەرژەوەندیەکانی پێ دەپێورێت.
خودایە شانسێك بدەرە ئەم نەتەوەی کوردی ستەمدیدەیە ئەگەر لەوەی ئێستای باشتر نەبێت باخراپترنەبێت، خودایە نەفرەتەکانی تۆ بۆ سەر ئەم نەتەوە خێرلە خۆ نەدیوە لە ژماردن نایەن، نۆرەی نیعمەتەکانتە ئەگەر ئەتەوێت پێمان بسەلمێنیت کە ئێمەش لە ڕیزی بەندەکانی تۆین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.